Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

# ئەنجامی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو

ئارام جەمال

ئایاری 2025

## پێشەکی

ئەگەر دەنگی دروستی لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی شەشەمین خولی پەرلەمانی کوردستان (ئۆکتۆبەری 2024) لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەکاربهێنین، کە بڕیار وایە لە نۆڤەمبەری (2025)دا ئەنجام بدرێت، ئەنجامەکان لەبەر ئەم دوو گۆڕاوە سەرەکیەی خوارەوە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت.

گۆڕاوی یەکەم: سیستمی هەڵبژاردنەکە لە لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی/زۆرترین ماوە(باقي الاقوی) گۆڕاوە بۆ لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی/سانتلیگۆی هەموارکراو بە پلەی (1.7).

گۆڕاوی دووەم: ژمارەی کورسی گشتی بازنەکانی هەڵبژاردنی هەولێر و سلێمانی و دهۆک لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەڕێژەی (40% بۆ 50%) کەمترە، دیارە ئەمەش وادەکات ژمارەی کاندیدی لیستەکانیش بەهەمان ڕێژە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کەمتربێت. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هەر لیستێک (حزبێک یان هاوپەیمانی) لە بازنەی هەڵبژاردنی هەولێردا دەیتوانی هەتا (64) کاندیدی هەبێت. بەڵام لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەم ژمارە کەمی کردووە. هەر لیستێک لەوانەیە بتوانێت هەتا (30) کاندیدی هەبێت، کە ئەمەش تاڕادەیەک کاریگەری دەبێت بۆسەر کۆی ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە لەو بازنەیەدا.

**ئەم شیکارە دەیەوێت وەڵامی دوو پرسیاری دەستبکەوێت:**

پرساری یەکەم: ئەگەر شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو بەسەر دەنگە بەدەستهاتووەکانی هەر لیستێکی بەشداربووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تاقیبکەینەوە، ئەنجامەکە چی لێدێت؟

پرسیاری دووەم: ئەگەر پێنج لیستی ئۆپۆزسیۆن (نەوەی نوێ، یەکگرتووی ئیسلامی، ڕەوتی هەڵوێست، کۆمەڵی دادگەریی، بەرەی گەل) بەیەک لیستی هاوبەش و هاوپەیمانێتیەوە بچنە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجامەکان بەکوێ دەگات؟

**ژمارەی کورسیە گشتیەکان**

بەپێی ئەو خشتەیەی لە پاشکۆی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پارێزگاکان و قەزاکان ژمارە (12)ی ساڵی 2018 و هەموارەکاندا هاتووە پاڵپشتە بەو دۆکۆمێنتەی لە لایەن کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ژمارەی کورسیەکانی هەرسێ بازنەی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک ) بەم شێوەی خوارەوەیە:

| خشتەی ژمارە -1-<br>ژمارەی کورسییە گشتییەکان | | |
|---|---|---|
| بازنەکانی هەلبژاردن | ژمارەی کورسی گشتی | ژمارەی کورسی کۆتای ژنان |
| هەولیر | 15 | 4 |
| سلێمانی | 18 | 5 |
| دهۆک | 11 | 3 |
| کۆی گشتی | 44 | 12 |

## تێبینی

شیکارەکە تەنها سنوری هەرسێ بازنەی هەڵبژاردنی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی پارێزگایی هەڵەبجە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بازنەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ نیە و لەناو بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانیدایە.

خشتەی ژمارە -2-
شیکاری دەنگەکانی پەرلەمانی کوردستان بە شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو
بازنەی هەڵبژاردنی هەولێر

| لیستەکان | کۆی دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 | 17 | 19 | 21 | ژ. کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 347786 | 204580 | 115929 | 69557 | 49684 | 38643 | 316167 | 26753 | 23186 | 20458 | 18304 | 16561 | 9 |
| یەکێتیی نیشتمانی کوردستان | 111102 | 65354 | 37034 | 22220 | 15872 | 12345 | 10100 | 8546 | 7407 | 6535 | 5847 | | 3 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 104222 | 61307 | 34741 | 20844 | 14889 | 11580 | 9475 | 8017 | 6948 | 6131 | | | 3 |
| یە کگرتووی ئیسلامی کوردستان | 24178 | 14222 | 8059 | 4836 | 3454 | 2686 | 2198 | 1860 | 1612 | | | | 0 |
| کۆمەلی دادگەریی کوردستان | 20265 | 11921 | 6755 | 4053 | 2895 | 2252 | 1842 | 1559 | | | | | 0 |
| رەوتی هەلوێست | 16871 | 9924 | 5624 | 3374 | 2410 | 1875 | 1534 | | | | | | 0 |
| بەرەی گەل | 9776 | 5751 | 3259 | 1955 | 13967 | 1086 | | | | | | | 0 |
| هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان | 3458 | 2034 | 1153 | 692 | 494 | | | | | | | | 0 |
| هاوپەیمانێتی سەردەم | 2102 | 1236 | 1.153 | 420 | | | | | | | | | 0 |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | 1725 | 1015 | 575 | | | | | | | | | | 0 |
| گۆڕان (التغيير) | 1455 | 856 | | | | | | | | | | | 0 |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | 881 | 518 | | | | | | | | | | | 0 |
| بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی | 421 | 248 | | | | | | | | | | | 0 |
| هاوپەیمانی نیشتمانی | 255 | 150 | | | | | | | | | | | 0 |
| کاندیدانی تاکەکەسی | 9190 | بە (29) کاندیدی تاکەکەسی (9190) دەنگیان بەدەستهێناوە. لەبەرئەوە هیچیان دەرناچن | | | | | | | | | | | 0 |
| پێکهاتەکان | 15586 | پێکهاتەکان شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو نایانگرێتەوە و بە جیا حسابیان بۆ دەکرێت | | | | | | | | | | | 0 |
| کۆی گشتی دەنگی دروست | 669.273 | | | | | | | | | | | | 15 |

Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

## دەرئەنجامی خشتەکە

وەک لەخشتەی ژمارە (2) دا دەرکەوتووە، لە بازنەی هەڵبژاردانی هەولێردا تەنها سێ لیست توانیویانە کورسی گشتی بازنەکە ببەنەوە، ( پارتی دیموکراتی کوردستان (9) کورسی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان (3) کورسی، نەوەیی نوێ (3) کورسی، بەڵام هیچ کام لە لیستەکان و کاندیدی تاکە کەسی کورسیان بەرنەکەوتووە.

## گریمانە

بەڵام ئەگەر ئەو پێنج لیستەی ئۆپۆزسیۆن (نەوەی نوێ، یەکگرتووی ئیسلامیی، ڕەوتی هەڵوێست، کۆمەڵی دادگەریی، بەرەی گەل ) پێکەوە بەیەک لیست دابەزن، ئەنجامەکە گۆڕانی بەسەرداێت و پارتی دیموکراتی کوردستان کورسیەکی کەم دەکات و دەچێت بۆ هاوپەیمانێتی ئۆپۆزسیۆن و کورسیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک خۆی دەمێنێتەوە (سەیری خشتەی ژمارە - 3 - بکە).

خشتەی ژمارە -3-
بازنەی هەلبژاردنی هەولیر
ئەنجامی لیستی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن

| لیستەکان | کۆی دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 | 17 | 19 | 21 | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 347786 | 204580 | 115929 | 69557 | 49684 | 38643 | 316167 | 26753 | 23186 | 20458 | 18304 | 16561 | 8 |
| لیستی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن | 175312 | 103125 | 58437 | 35062 | 25044 | 19479 | 15937 | 13486 | 11687 | 10312 | 92027 | | 4 |
| یەکێتیی نیشتمانی کوردستان | 111102 | 65354 | 37034 | 22220 | 15872 | 12345 | 10100 | 8546 | 7407 | 6535 | | | 3 |
| ئەوانیتر | 35073 | | | | | | | | | | | | 0 |
| کۆی گشتی دەنگی دروست | 669.3 | | | | | | | | | | | | 15 |

خشتەی ژمارە -4-
شیکاری دەنگەکانی پەرلەمانی کوردستان بە شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو
بازنەی هەلبژاردنی سلێمانی و هەلەبجە

| لیستەکان | کۆی دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 | 17 | 19 | 21 | ژ. کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتیی نیشتمانی کوردستان | 269889 | 158758 | 89963 | 53978 | 38556 | 29988 | 24535 | 20761 | 17993 | 15876 | 14205 | 12852 | 8 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 141179 | 83046 | 47060 | 28236 | 20168 | 15687 | 12834 | 10860 | 9412 | 8305 | 7430 | | 4 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 62856 | 36974 | 20952 | 12571 | 8979 | 6984 | 5714 | 4835 | 4190 | 3697 | | | 2 |
| یە کگرتووی ئیسلامی کوردستان | 50534 | 29726 | 16845 | 10107 | 7220 | 5615 | 4594 | 3887 | 3369 | | | | 2 |
| کۆمەلی دادگەریی کوردستان | 40922 | 24072 | 13641 | 8184 | 5846 | 4547 | 3720 | 3148 | | | | | 1 |
| رەوتی هەلوێست | 33631 | 19783 | 11210 | 6726 | 4804 | 3737 | 3057 | | | | | | 1 |
| بەرەی گەل | 21080 | 12400 | 7027 | 4216 | 3011 | 2342 | | | | | | | 0 |
| گۆڕان (التغییر) | 9933 | 5843 | 3311 | 1987 | 1419 | | | | | | | | 0 |
| هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان | 8917 | 5245 | 2972 | 1783 | | | | | | | | | 0 |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | 4281 | 2518 | 1427 | | | | | | | | | | 0 |
| هاوپەیمانێتی سەردەم | 3909 | 2299 | 1303 | | | | | | | | | | 0 |
| بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی | 880 | 517 | 293 | | | | | | | | | | 0 |
| هاوپەیمانی نیشتمانی | 769 | 452 | 256 | | | | | | | | | | 0 |
| کاندیدانی تاکەکەسی و پێکهاتەکان | 16380 | بە (33) کاندیدی تاکەکەسی و (10) کاندیدی مەسیحی و تورکمان (16380) دەنگیان بەدەستهێناوە. | | | | | | | | | | | 0 |
| کۆی گشتی دەنگی دروست | 665160 | | | | | | | | | | | | 18 |

Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

تێبینی:
لەم خشتەیەدا ژمارەی دەنگەکانی هەر لیستێک لەسەر ئاستی هەردوو بازنەی هەلبژاردنی سلێمانی و هەلەبجە پێکەوە کۆکراونەتەوە، واتە بە تەنیا دەنگەکانی سلێمانی هەژمار نەکراوە.

## دەرئەنجامی خشتەکە

وەک لەخشتەی ژمارە (4) دا ڕوونبۆتەوە لەکۆیی(13) لیستی بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانی و هەڵەبجە بۆ بردنەوەی (18) کورسی، تەنها شەش لیست توانیویانە کورسی گشتی هەڵبژاردنەکە ببەنەوە.

* یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (8) کورسی
* جوڵانەوەی نەوەی نوێ (4) کورسی
* پارتی دیموکراتی کوردستان (2) کورسی
* یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (2) کورسی
*کۆمەڵی دادگەریی کوردستان (1) کورسی
* ڕەوتی هەڵوێست (1) کورسی

### گریمانە:

ئەو پێنج لیستەی ئۆپۆزسیۆن (نەوەی نوێ، یەکگرتووی ئیسلامیی، ڕەوتی هەڵوێست، کۆمەڵی دادگەریی، بەرەی گەل ) پێکەوە بەیەک لیست دابەزن، ئەنجامەکە بەم شێوەی لێ دێت.

خشتەی ژمارە -5-

**بازنەی هەلبژاردنی سلێمانی و هەلەبجە/ ئەنجامی لیستی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن**

| لیستەکان | کۆی دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 | 17 | 19 | 21 | ژمارەی کورسی. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن | 287346 | 169027 | 95782 | 57469 | 41049 | 31927 | 26122. | 22104 | 19156 | 16903 | 15123 | 13683 | 8 |
| یەکێتیی نیشتمانی کوردستان | 269889 | 158758 | 89963 | 53978 | 38556 | 29988 | 24535 | 20761 | 17993 | 15876 | 14205 | | 8 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 62856 | 36974 | 20952 | 12571 | 8979 | 6984 | 5714 | 4835 | 4190 | 3697 | | | 2 |
| ئەوانی دیکە هەموویان | 45069 | | | | | | | | | | | | 0 |
| کۆی گشتی دەنگی دروست | 665160 | | | | | | | | | | | | 18 |

خشتەی ژمارە -6-

**شیکاری دەنگەکانی پەرلەمانی کوردستان بە شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراو**

**بازنەی هەڵبژاردنی دهۆک**

| لیستەکان | کۆی دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 | 17 | 19 | 21 | ژ. کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 402152 | 236560 | 134051 | 80430 | 57450 | 44684 | 36559 | 30935 | 26810 | 23656 | 21166 | 19150 | 9 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 46631 | 27430 | 15543 | 9326 | 6662 | 5181 | 4239 | 3587 | 3109 | 2743 | 2454 | | 1 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 42732 | 25136 | 14244 | 8546 | 6105 | 4748 | 3885 | 3287 | 2849 | 2514 | | | 1 |
| یەکێتیی نیشتمانی کوردستان | 28557 | 16798 | 9519 | 5711 | 4079 | 3173 | 2596 | 2197 | 1904 | | | | 0 |
| ڕەوتی هەلوێست | 8438 | 4964 | 2813 | 1688 | 1205 | 938 | 767 | | | | | | 0 |
| کۆمەلی دادگەریی | 3677 | 2163 | 1226 | 735 | 525 | 409 | | | | | | | 0 |
| بەرەی گەل | 2605 | 1532 | 868 | 521 | 372 | | | | | | | | 0 |
| کاندیدانی تاکەکەسی و پێکهاتەکان | 13223 | بە (9) کاندیدی تاکەکەسی و پێکهاتەکان (13223) دەنگیان بەدەستهێناوە و هیچکامیان دەرنەچوون | | | | | | | | | | | 0 |
| کۆی گشتی دەنگی دروست | 548015 | | | | | | | | | | | | 11 |

### دەرئەنجامی خشتەکە

وەک لەخشتەی (6)ی بازنەی هەڵبژاردنی دهۆکدا دەرکەوتووە، تەنها چوار لیست کورسی گشتی هەڵبژاردنەکەیان بەردەکەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

پارتی دیموکراتی کوردستان (9) کورسی

هەریەک لەجوڵانەوەی نەوەی نوێ و یەکگرتووی ئیسلامی (1) کورسیان بەردەکەوێت

### گریمانە:

ئەو پێنج لیستەی ئۆپۆزسیۆن (نەوەی نوێ، یەکگرتووی ئیسلامیی، ڕەوتی هەڵوێست، کۆمەڵی دادگەریی، بەرەی گەل ) پێکەوە بەیەک لیست دابەزن، ئەنجامەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کورسیەکی کەم دەکات دەچێت بۆ هاوپەیمانێتی ئۆپۆزسیۆن و کورسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک خۆی دەمێنێتەوە (سەیری خشتەی -7- بکە).

**خشتەی ژمارە -7-**
**بازنەی هەلبژاردنی دهۆک**
**ئەنجامی لیستی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن**

| لیستەکان | کۆی دەنگەکان | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 | 15 | 17 | 19 | 21 | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 402152 | 236560 | 134051 | 80430 | 57450 | 44684 | 36559 | 30935 | 26810 | 23656 | 21166 | 19150 | 9 |
| لیستی هاوپەشی ئۆپۆزسیۆن | 104083 | 61225 | 34694 | 20817 | 14869 | 11565 | 9462 | 8006 | 6939 | 6123 | 5478 | | 2 |
| یەکێتیی نیشتمانی کوردستان | 28557 | 9519 | 5711 | 4079 | 3173 | 2596 | 2197 | 1904 | 1904 | 1680 | | | 0 |
| ئەوانیتر | 13223 | | | | | | | | | | | | 0 |
| کۆی گشتی دەنگی دروست | 548015 | | | | | | | | | | | | 11 |

## وێنەی گشتی شیکارییە کە:

وێنەی گشتی ئە نجامەکانی ئەم شیکارییە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەگەر کۆی ژمارەی ئەو دەنگانەی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی شەشەمین خولی پەرلەمانی کوردستان بە شێوازی سانتلیگۆی هەمووارکراو هەژمار بکەین ئەوا ژمارەی کورسییەکانیان بە م شێوەیەی لێدێت.

**خشتەی ژمارە -8-**
**ژمارەی کورسیی لیستە براوەکانی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان**
**بە شێوازی سانتلیگۆی هەمووارکراو**

| لیستەکان | هەولیر | سلێمانی | دهۆک | کۆی گشتی | ریژەی سەدیی |
|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 9 | 2 | 9 | 20 | %45,45 |
| یەکێتیی نیشتمانی کوردستان | 3 | 8 | 0 | 11 | %25 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 3 | 4 | 1 | 8 | %18.18 |
| یە کگرتووی ئیسلامی کوردستان | 0 | 2 | 1 | 3 | %6.81 |
| کۆمەلی دادگەریی کوردستان | 0 | 1 | 0 | 1 | %2,27 |
| رەوتی هەلویێست | 0 | 1 | 0 | 1 | %2.27 |
| بەرەی گەل | 0 | 0 | 0 | 0 | %0.00 |
| گۆران (التغيير) | 0 | 0 | 0 | 0 | %0.00 |
| هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان | 0 | 0 | 0 | 0 | %0.00 |
| کۆی گشتی | 15 | 18 | 11 | 44 | %100 |

وێنەی گشتی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە 8 پێماندەڵێت، زۆرێک لەو لیستانەی لە هەڵبژاردنی شەشەمین خولی پەرلەمانی کوردستاندا کورسییەک یان زیاتریان بردۆتەوە، مە رج نییە بە هەمان ئە و دەنگانە وە بتوانن هەمان ژمارەی کورسی ببەنەوە، هۆکارە کەشی ئەوەیە ئەگەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هەندێک لایەن لە ڕێگەی شێوازی (زۆرترین ماوە باقي الاقوى) وە کورسییەک یان زیاتریان بردبێتەوە ئەوا شێوازی سانتلیگۆی هەمووارکراو بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەو کورسییانەیان لێدەسێنێتەوە چونکە ئەگەر شێوازی زۆرترین ماوە لەبەرژەوەندی ئەو لیستانە دا بێت کە بەنیازی یەک کورسی یان چەند کورسییەکی کەمن، ئەوا بە ئەزموون سەلمێندراوە کە شێوازی سانتلیگۆی هەمووارکراو لە بە رژەوەندی لیستە بەهێزەکاندایە.

### دەرئەنجام و پێشنیار:

یە کەم: بەو پێیەی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە شێوازی سانتلیگۆی هەموارکراوی پلە (1.7)ە، لەبەرئەوە بردنەوەی کورسی بۆ ئەو لیستانە زۆر زەحمەتە، کە لە هەڵبژاردنی شەشەمین خولی پەرلەمانی کوردستاندا هەتا چوار کورسیشیان بردۆتەوە، ئەمەش ئەو لیستانە ناچاردەکات بەوەی لەگەل لیستەکانی دیکەدا بچنە نێو هاوپەیمانێتیەوە .

دووەم : هەتا ژمارەی بازنەی هەڵبژاردنەکان زۆرترین دەنگی بەفیڕۆچووی ئەو لیستانە زۆرتر دەبێت کە لە هەربازنەیەکدا بەتەنیا دەچنە نێو کێبڕکێیی هەڵبژاردنەوە. لەم بارەدا پێکهێنانی لیستی هاوپەیمانێتی ژمارەی دەنگی بە فیڕۆچوو کەمتر دەکاتەوە.

سێیەم: بەو پێیەی جۆری لیستەکە نیمچەکراوەیە، لەبەرئەوە کورسییە براوەکانی لیستەکان زیاتر بۆ کاندیدی بەهێزی ناو لیستەکە و لەسەروشیانەوە بۆ سەرۆکی لیستەکە دەچێت.

چوارەم: زۆریی ژمارەی کاندید بۆ لیستی تەنیا و هاوپەیمانیش باشە بەڵام دەبێت زۆریی ژمارەی کاندید بۆ لایەنە پێکهێنەرەکانی هاوپەیمانێتی بەپێی کێشی دەنگی ئەو لایەنە بێت، ئەگەرنا ئەوا بەخێر بۆ لایەنەکە ناشکێتەوە چونکە لەوبارەدا دەنگەکانی لایەنەکە بەسەر کاندیدە زۆرەکانیدا بڵاو دەبێتەوە و بەمەش ئەگەری مسۆگەرکردنی کورسی کەم دەبێت.

پێنجەم :کاندیدی تاکەکەسی دەرفەتی دەرچوونی نزیکە لە سفرەوە و باشتروایە ئەوانیش بچنە نێو لیستەکانەوە بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانێتییەکان.

### پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، ناوەڕاستی ساڵی (2002)، لە لایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، پەیمانگەکە هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەنگدەران و هەموارکردنی یاسای هە ڵبژاردنە گشتییەکان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

kielections@gmail.com

www.kielections.com